# تایی تەرازوی ئەمریکا بەقازانجی کێدەبێت هەڕەشەی گەرمی تورکەکان یان بێدەنگی سیاساسەتکارانی کورد

ئا :ئاسۆ

دوای پرۆسەی ئازادی و ڕوخانی ڕژێمی سەدام، هەرێمی کوردستان گەشەیەکی بەر چاوی لەتێکرای بواره سیاسیو ئابوریی کۆمەلایەتی بەخۆیەوە بینیوەو ،ئەم هەرێمە تاکەناوچەی عیراقە کە ئارامیو ئاسایشی تێدا بەر قەرارە .بۆ هیزکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئەم هەرێمە جێگای بایەخی تایبەتەو دەیانەوێت کە هەرێمی کوردستان وەك ئێستای بمێ نێتەوەو ئاسایش و سەقامگیری سیاسی تێك نەچێت .ئەمریکا بەپشتیوانی بەردەوامیسیاسیو سەر بازیی ،ئەم هەرێمەی لە هەر دەست تیوەردانێکی ناو چەیی پاراستوە وبەپێچەوانەشەوە دەولەتانی تورکیاو ئێران وەك دونەیاری سەر سەختی کورد لەهەولی ئەوەدابون ئەم ئەزمونەی کوردستان لە بار بەرن .بونی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەسنورییەکانی هەرێمی کوردستان .هەمیشە بۆتە بەهانەیەك بۆدەولەتی تورکیا بۆ پەلاماردانی کوردستان ،زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیان وایە شەڕ فرۆشتنی تورکەکان بە هەرێمی کوردستان لەو بەهانەیەوە سەر چاوە ناگریت کە تورکەکان باسی لێوەدەکەن بەلکو تورکەکان دژی هەرجۆرە ئازادیو سەر بەستیەکی کوردەکانن لە هەرکوێیەکی ئەم دنیایەدابێت . بونی هێزەکانی ئەمرێکا لەعێراق و ئالۆزی پەیەوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیا شانسی زیاتری داوە بەهەرێمی کوردستان کە توانیویانە نمونەیەکی حکومڕانی خۆمالی سەر کەوتو بەرێوە بەرن ، پێشنیارەکەی جۆزیف بایدن بۆدابەشکردنی عیراق بەسەر سێ هەرێمی کوردو سونەو شیعە قبولکردنی ئەم پرۆژەیە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاو ،بەڕەسمی ناساندنی قەتلوعامی ئەرمەنەکان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرای ئەمریکاوە هێندەی تر تورکیای نیگەران کردوە بەڕادەیەك کە تورکیا بالوێزی خۆی لە م ولاتە بانگردەوە ، هەڕەشەی ئەوەدەکات کە بنەکەی ئنچەرلیك لەولاتەکەی بەڕوی هیزەکانی ئەمریکادا دادەخات وپەیوەندیە سەربازییە کانی لە گەل ئەم ولاتە دەبچڕێنێت . هەرچەندە فەرمان ڕەوایانی کوشکی سپیی لەهەولی ڕازیکردنی تورکیان و پێیان وایە تێکچونی پەیوەندییەکانیان لەگەل تورکیا زیانیان پێدەگەیەنێت .



بۆیە لەهەولی ئەوەدان کە ناساندنی قەتلوعامی ئەر مەنەکان نەبیتە هۆی لەدەسدانی هاوپەیمانیان لەگەل تورکیا .بەلام چاودێرانی سیاسی پێیان وایە کە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیا لەدوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق توشی قەیران بوەو پشتیواى بەردەوامی ئەمریکا لەکوردەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش پەیوەندییە کانی ئەم دوو هاوپەیمانە دەخاتە بەر دەم مەترسی گەورەوە .دوای کوژرانی چەند سەر بازێکی تورکیش لەناوچەی شرناخی کوردستانی تورکیا جارێکی تر تورکەکان بەهانەیەکی تریان کەوتەوە دەست و دەیانەو ێت سنوری هەرێمی کوردستان ببە زێنن لە چەند ڕۆژی ڕابردوشدا

هێزێکیزۆری تورکیا لەسەر سنوری هەرێمی کوردستان کۆبونە تەوەو چاوەڕوانی فەرمان دەکەن بۆپەلاماردانی کوردستان. ئەم هەنگاوەی تورکیاش هێندەی تر پەیوەندییەکانی ئەم دولآتە ەخاتە بەر دەم مەترسیەکی گەورە ترەوە . هەرچەندە ڕوسیاو یەکێتی ئەو روپاو هۆشداریان داوەتە تورکەکان بۆسنور نەبەزاندنی هەرێمی کوردستان بەلآم چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئەم جارە هەڕشەکانی تورکیا توندەو پیش دەچێت هەڕەشەکانی بباتەسەر . بەزاندنی سنوری هەردەولـەتێك بەپێی یاسانیودەولەتیەکان کارێکی ئەستەمەو جەنگ و کارە ساتی گەورەی بەدوادا دێت بەلآم تورکەکان ئامادەی هەموو باجێکن وەك ئەردۆگانی سەرەك وەزیران لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی پێدا کە ئەوان ئامادەی هەموو باجێکن .حکومەتی ناوەندی عیراق یش کە ئێستا لەو پەڕی لاوزیدایەو تەنانەت بەغدای پایتەختی خۆشی پێکۆنتڕۆڵ ناکرێت لەسەرزاری عەلی دەباخ وتەبێژی ڕەسمی خۆی بەتوندی لەشکرکێشی تورکیا ڕەت دەکاتەوە بەپێشێل کردنی سیادەی عیراقی لەقەلـەم ئەدات دەباخ لەیەك لەدیدارەکانی لەگەڵ کەناڵی (حورەی )ئەمریکی کەبزمانی عەرەبی پەخشی بەرنامەکانی دەکات بەڕاشکوانە هەلۆیستی حکومەتکەی دەربڕی سیاسەتی حکومەتی تورکیای بەتۆرانی ناوبردوو ئاماژەی بەوەدا دەولەتی تورکیا کوردەکان وەك مرۆ سەیر ناکات و دژی هەر جۆرە ئازادیەکی کوردەکانە, دەباخ ئاماژەشی بەوەدا ئەگەر تورکیا لەچوار چێوە سنورەکانی خۆی ئازادی کوردەکانی ولآتەکەی پێشێل بکات ئەوا ناتوانێت سنور هەرێمی کوردستان ببە زێنێت کەبەشیکە لەخاکی عێراق .ئەوی لەم باوودۆخە هەستیارو ئالۆزەدا بەدی دەکرێت و جیگای تێڕامان و پرسیاری زۆربەی چاودێرانی ناوخۆو دەروەیە بێدەنگی کار بەدەستانی هەرێمی کوردستانە بەتایبەتیش تالـەبانیو بارزانی کەپیش ئەم قەیرانە چەندین لێدوانی ئاگراوییان ئەدا .هەرچەندە چاودێران پییان وا یە کەکوردەکان توانای بەر نگاری هیزەکانی تورکیا یان نیە کەئێستا تورکیا دوەم ولآتی بەهیزی پەیمانی ناتۆیە وەك حکومەتی عێراقیش توانای بەرەنگار ونەوەی نیە.ڕاگرتنی ئەم گەمەیەی تورکەکانیش تەنیا لەتوانی ئەمریکیەکانە کەئێستا لەهەولێکی بەردەوامدان بۆڕازیکردنی تورکەکان بۆئەوی سنوری هەرێمی کوردستان نەبەزێنن و بەڕیگاچارەی ئاشتی کێشەکان چارەسەر بکەن . کۆی ڕوداوەکانیش ئەوە دەر دەخەن کە تا چەند ڕۆژێکی تر پەردەی پشتی ئەم شانۆ گەرییە لا دەچێتو ئەم قەیرانەش بەلایەکدا دەکەوێت